ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

6
25 ی شوبات / فێبریوەری 2021

# دەربارەی موشەکبارانی هەولێر

## خەسرەو سایە وەڵامی پرسیاری ئۆکتۆبەر دەداتەوە



ئۆکتۆبەر: هەروەکو ئاگادارن ماوەیەک لەمەوبەر هەولێر ڕووبەڕووی هێرشێکی مووشەکی بووەوە و چەند مووشەکێک لە نزیک فرۆکەخانە و لە گەڕەکی وەزیران کەوتنە خوارەوەو زیانی ماڵی و گیانی لێ کەوتەوە. بەپێی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێم گروپێکی نزیک لە حەشدی شەعبی لە پشتی ئەم هێرشەوەیە. پەیامەکانی پشتی ئەم هێرشە چیە وخەڵکی کوردستان دەبێ چ هەڵوێستێک بگرن؟

خەسرەو سایە: بەدڵنیایەوە ئەم پەلامارە موشەکیەی شاری هەولێر، دابڕاو نییە لەو دۆخەی کەناوچەکەو عێراقی تیا ڕاگیراوە. گێژاوێکی سیاسی و ناجێگیری حکومەت و

بۆ لاپەڕە 3

## دەرکەوتنی ڕەغد!



| موحسن کەریم

له چەندرۆژی ڕابردوودا کەناڵی ئاسمانی( العربیة) ی سەر بە سعودیە زنجیرەیەک گفتوگۆی لەگەڵ ڕەغدی کچە گەورەی سەدام حسیندا سازکرد. ڕەغد لەم دەرکەوتنەیدا بەرواڵەتێکی جیاواز لە پێشووتری دەرکەوت. لەجیاتی سەرپۆش، کە لە دەورانی بەرەنگاری ڕەوتە سونیەکاندا دژی داگیرکاری ئەمریکا وەکو ڕەمزێک بۆ هاوسۆزی لەگەڵ ئەو بزوتنەوەیەدا کە زۆربەی سەرکردەکانی کۆنە بەرپرسە بەعسیەکان بوون، دەیپۆشی، ئەمجارەیان بەرواڵەتی ژنێکی هاوچەرخ و مەدەنیەوە دەرکەوت.

دەرکەوتنی ڕەغد بەمجۆرە لە کەناڵێکی سەر بە سعودیە و لەم هەلومەرجە سیاسیەی عێراقدا دەرکەوتنێکی سادەو گفتوگۆیەکی ئاسایی تەلەفزیۆنی نیە کە کەناڵی ناوبراو بیەوێ لەگەڵ کچی سەدام حسین دا ئەنجامی بدات و بینەرانی بە هەندێ زانیاری دەربارەی مێژووی ئەو خێزانەی کە بۆ نزیک بە سی ساڵ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرو درندەی بەسەر خەڵکی عێراقدا داسەپاند، ئاشنا بکات، بەڵکو ئامادەکردنی سیناریۆیەکی سیاسیە بۆ بارودۆخی سیاسی عێراق کە لەناو فەوزای سیاسی و ئەمنیدا گیری خواردوە.

عێراق لە دوای داگیرکردنیەوە لەلایەن ئەمریکاوە، بەپێچەوانەوە، لەجیاتی ئەوەی ببێتە پێگەیەکی سیاسی و سەربازی ڕاستەوخۆی ئەمریکا، بووە ناوچەی نفوزی ئێران. لەوکاتەوە تا ئێستا بەبەردەوامی کێشەی یەکلاکردنەوەی عێراق لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا یەکێک بووە لە

بۆ لاپەڕە 2

## دەشتی جەمال لەبارەی:

# کەمپینی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری دادگای هەولێر!

بۆ لاپەڕە 4

گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود سەبارەت بە:

# دادگای هەولێر و سزای زیندانی بەسەر هەڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوساندا



ئۆکتۆبەر: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دادگای هەولێر حوکمی زیندانی بەسەر پێنج هەڵسوڕاوی سیاسی و ڕۆژنامەنوسدا سەپاند. بەر لە دادگاش مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت ووتی کە ئەوانە ڕۆژنامەنوس نین و جاسوسی وڵاتانن. ئێوە چ قسەیەکتان هەیە لەسەر ئەو قسانەی سەرۆکی حکومەت و ئەو حوکمەی دادگا؟

عەبدوڵا مەحمود: سەرەتا گرتنی ئەو کەسانە بەشێوەی مافیایی و ڕفاندنیان و ئاگادارنەکرنەوەی

بۆ لاپەڕە 6

## دریژەی.. دەرکەوتنی ڕەغد!

تایبەتمەندیەکانی بارودۆخی سیاسی و بگرە ئەمنیی عیڕاق! ئێران لەرێگای میلیشیا شێعەکانەوە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر عێراقدا دابینکرد. ئەمریکاش بەردەوام لە هەولێ ئەوەدا بووە کە ئەم هاوسەنگیە بگۆڕێت و عێراق لەژێردەستی ئێراندا دەربهێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە پەنابردنە بەر ڕەوتە شێوە لیبراڵە عێراقیەکان تا هێزەکانی ناسیۆنالیزمی کوردو تا دروستکردنی گروپە جۆراوجۆرە سونی وعەشائیریەکان، چ ڕاستەوخۆ و چ لەرێگای دەوڵەتانی وەکو تورکیاو سعودیەوە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەی داوە. بگرە دەستشلکردن بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و هاوکاریکردنی لەلایەن دەوڵەتانێکەوە کە ئەمریکا بۆ ئەم سیاسەتەی پشتی پێبەستبوون لەناوچەکەدا، تا دواتریش کوشتنی چەند سەرکردەی سەربازی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە هەموویان بەشێک بوون لەم سیاسەتی پەروباڵکردنەی ئێران لەناوچەکەداو بەتایبەتی لە عێراقدا. بەڵام سەرەنجام ئەمانە نەیانتوانی بەوشێوەیە پێگەی ئێران لە عێرقدا لاواز بکەن کە ببێتە جێگایەکی ئارام بۆی یان ببێتە ناوچەیەکی نفوزی ئەمریکا.

ئاڵوگۆڕێک کە لە بارودۆخی سیاسی عێراقدا ڕوویداو پێگەی ئێرانی لە عێراقدا لەقکرد، گۆڕانکاریەک بوو کە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی شێعەدا ڕوویدا. خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق، بەتایبەتی بەغداو ناوچە شێعەنشینەکانی خوارووی عێراق، بێجگە لە هەژاری و برسێتی و نەمانی ئاسایش و ئارامی و نەمانی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیان لەبابەتی ئاوو کارەباو....تاد. شتێکی دیکەیان لە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی شێعە نەبینی. لەولاشەوە بەچاوی خۆیان ئەوەیان دەبینیێ کە چۆن حزب و میلیشیا شێعەکان و سەرکردەکانیان داهاتی عێراق تاڵان دەکەن و لەسەر حسابی نانی ژەمی ئەوان خۆیان ملیارەها دۆلار کەڵەکە دەکەن و خۆیان و خێزانەکانیان لەژیانی شاهانە بەهرەمەندن. ئەمە بووە هۆی تەقینەوەی رقی جەماوەری بێبەشی بەغداو شارەکانی خوارووی عێراق. خۆپیشاندانەکانی بەغداو بەسرەو ناسریەو باقی شارەکانی خوارووی عێراق و دواتریش خرۆشانی جەماوەری کە بە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر ناسراوە، لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا زەربەیەکی گەورەی لە پێگەی ئیسلامی سیاسی شێعەو دەورونەخشی ئێران لە عێراق دا. ئەم ئاڵوگۆڕە لە پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات دەرگای بەڕووی گۆڕانکاری گەورەدا کردەوە.

لەم خرۆشانە جەماوەریەدا کە ڕەمزەکانی ئیسلامی سیاسی شێعە کەوتنە بەر نەفرەتی جەماوەرو دروشمی (ئێران بۆدەرەوە) بووە یەکێک لە دروشمە سەرەکیەکانی خۆپیشاندەران و خواستی (نیشتمانم دەوێ) لەبەرامبەر دەستێوەردانی ئێران لە عێراق بەرزکرایەوە، زەمینەی ئەوەی ڕەخساند ڕەوتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە بەرگی ناسیۆنالیزمێکی نیشتمانیدا خۆی نمایش بکات. بەشێک لە هێزەکانی ئیسلامی سیاسیش مەیلی عێراقی و نیشتمانیەکەیان لەخۆیاندا تۆخکردەوە تە لەم کاروانە بەجێ نەمێنن و فرسەتێک بۆ مانەوەیان لە ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. بێگومان لاوازی ڕەوتی یەکسانیخوازی و سۆشیالیستی لەناو خرۆشانە جەماوەریەکەی عێراقدا ئەو فرسەتەی بۆ ئەو ڕەوتە ناسیۆنالیستیە عەرەبیە ڕەخساند کە خۆی وەکو بەدیلی ئیسلامی سیاسی شێعەی دەسەلاتدار نیشان بدات.

ئەو هێزو دەوڵەتانەی کە لەپشتی ئەم ڕەوتەوەن، دەوڵەتانی سعودیەو ئیماراتن کە لەگەڵ ئێراندا کێشەی جدییان هەیە لەسەر هەژمونی ناوچەی کەنداو و نفوزی ئێران وەکو مەترسیەک لەسەر خۆیان دەبینن. ئەم بەرەیش لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرێت. ئێستاو دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر میزاجی خەڵکدا هاتوە بەرامبەر بە دەسەڵات و نفوزی ئێران، فرسەتی ئەوە پەیدا بووە کە ئەم بلۆکەی دژ بە ئێران دەرفەتێک بۆ جێبەجێبوونی سیاسەتەکەیان بەرامبەر بە ئێران پەیدابکەن و دەورێکی زیاتریان هەبێت لە کێشانی نەخشەی ئایندەی سیاسی عێراق. هێنانی ڕەغد وەکو کچی سەدام حسین، کە وەکو ڕەمزی بەرەنگاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەلایەن بەشێک لە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە تەماشا دەکرێ، هەوڵێکی سعودیەو ئیماراتە بە هاوکاری ئەمریکا بۆئەوەی فاکتەرێکی دیکە، کە لەسەر خۆیان هەژمار دەکرێ، بخەنە ناو هاوکێشەی سیاسی عێڕاقەوە، بەتایبەتی کە هەڵبژاردنی پێشوەختە لەئارادایە. بەڵام ئایا ڕەغد دەتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هەلومەرجی سیاسی عێراق و بوونی دەیان گروپی چەکداری ئیسلامی سیاسی شێعە سەر بە ئێران کە دەسەڵات و دەخالەتیان رۆچووەتە ناو سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، وەڵامی مەنفی پێدەداتەوە.

☆

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

درێژەی .. خەسرەو سایە وەلامی پرسیاری ئۆکتۆبەر دەداتەوە

# دەربارەی موشەکبارانی هەولێر

دەسەڵاتەکان چ لەعێراق و چ لە هەرێم، کە تێیدا نەک هەر بارگرژی و پێکدادانی سەربازی لەنێوان دەستەوتاقمی قەومی و ئیسلامی و تایفەگەری و هێزە میلیشیاییەکانی کردۆتە دیاردەیەکی بەردەوام و هەمەڕۆژە، هاوکات دەرگای بۆ لەشکرکێشی و دەخاڵەتی سەربازی دەوڵەتانی ناوچەکە، لەپێشیانەوە، ئێران و تورکیا خستۆتە سەرپشت. بێگومان دۆخێکی ئاواش لەلایەکەوە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری هەر ئاڵوگۆڕێکدایە کە لەسیاسەتی دەوڵاتانێکی وەک ئەمریکاو ڕوسیاو ئەوروپادا دێتەکایەوە و لەلایەکی تریشەوە گرێدراوە بە مونافەسە و کێشمەکێشی هێزە ناوچەیەکانەوە. بەڵام ئەوەی کە گروپێکی بچووکی چەکداری شیعەی سەربەئێران بتوانێ لە نزیک ٥ کیلۆمەترەوە هێرشیکی موشەکی بۆسەر هەولێر، لەژێرناوی پەلاماردانی هێزەکانی ئەمریکادا بەڕێبخات، لەگەڵ ئەوەدا، نیشانەیەکە لە ناجێگیری هەردوو حکومەتی هەولێرو بەغدا و بێتواناییان لە کۆنترۆڵی ناوچەکانی ژێر دەستیاندا، لەهەمانکاتدا درێژەکێشانی کێشەو مونافەسەیەکی جەنگی دەخاتەڕوو کەلەنێوان ئەمریکا و ئێراندایە و لەمێژە عێراقی کردۆتە پێگەی خۆی. بەتایبەتیش بەدوای شکستی ترامپ و هاتنەسەرکاری بایدن ئاڵوگۆڕێک لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا بەرامبەر بەئێران، هاتۆتە کایەوە. ئەم ئاڵوگۆڕەش ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر چۆنیەتی ڕۆڵ و دەخاڵەتی ئێران لەعێراقدا بەجێهێشتوە. لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێ ئاماژە بەسەرەکیترین ئەو لایەنانە بدەین کەئەم موشەکبارانە وەک پەیامێکی سیاسی ئاراستەیان دەکرێ:

لەپێش هەموویانەوە ئەم موشەکبارانەی هەولێر، پەیامێکی سیاسی ئێران بوو بۆ ئەمریکا لەڕێگای گروپە چەکدارە شیعەیەکانی سەربەخۆیەوە، تا بەدەستەی فەرمانڕەوای تازە لەسەر کاری ئەمریکا بڵێت، "ئێران توانای نائارامکردنی هەموو ناوچەکانی ژێر نفوزی ئەمریکای هەیە، کەواتە دانوسان و ڕێکەوتن باشترە تا درێژەدان بەسیاسەتی جەنگیتان". ئەم پەیامەش لەکاتێکدایە کە جۆبایدن لەسیاسەتی تازەیدا بەرامبەر بەئێران، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت پشتی لە سیاسەتە جەنگخوازیەکانی ترەمپ کردوەو گەڕانەوە بۆسەر مێزی گفتوگۆی لەگەڵ ئێراندا ڕاگەیاندووە.

لایەنێکی تری پەیامەکانی موشەکبارانەکانی هەولێر ڕووی لە تورکیایە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئۆپەراسیۆنی شاخی گارە وهەڕەشەکانی ئۆردوگان بۆ سەر شنگاڵ و هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا بۆ نێو قوڵایی خاکی هەرێم درێژەی هەیە، ئێران وەک تەرەفێکی مونافیسی ناوچەیی تورکیا لەڕێگای ئەم موشەکبارانەوە ئەو پەیامە بە ئۆردوگان و سوپاکەی بدات"کەئێران حزوری هەیە.. باشترە سنور نەبەزێنیت". مونافەسەی ناوچەیی ئێران وتورکیا و سیاسەتی پاوانخوازی ئەم دوو دەوڵەتە لەئاسیای میانەوە درێژ دەبێتەوەو لەسوریاو عێراق لەسەر پێگەی داهاتویان لەئارایشتدانەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، چەقدەبەستێت. ئێران لەشکرکێشیەکانی تورکیا و داگیرکردنی خاکی کوردستانی عێراق بەهەڕەشە بۆسەر نفوزی خۆی دەبینێت هەربۆیە پەیامی ئاگادارکردنەوەی بەناراستەوخۆ لەڕیگای چەند موشەکێکەوە بۆدەنێرێت.

لایەنی ئاخر کە پەیامەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران لەم موشەکبارانەدا ڕووی تیدەکات، هەردوو حکومەتەکەی کازمی و بەرزانیە. لەبەرامبەر کازمیدا ئێران دەیەوێت ئەو پەیامە بدات بەکازمی کەنفوزی سیاسی و سەربازی ئێران لەعێراقدا لەسەرو قانون و دەسەڵاتی حکومەتیەوەیە. لایەنگرانی ئێران لەعێراق، کە سەرەتا لەناو ئەحزابی شیعی و دەستەوتاقمی چەکدارەوە دەستپێدەکاو ئینجا نفوزی خۆی دەباتە ناو هێزە میلیشیایەکانی حەشدی شەعبی ودەزگا ئەمنیەکانەوە و لێرەشەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو وەزارەتەکانی حکومەت و کیتلە پەرلەمانیەکانەوە و لەکۆتایشدا سەر لە سەدان کۆمپانیای بازرگانی و پرۆژەی ئابوری وگواستنەوەی کاڵا دا دەردینێ، پێگەیەکی وا لەدەسەڵاتدا داگیردەکات کە نەک هەرکازمی بگرە هیچ سەرۆکێکی حکومەتی ناتوانێ بەبێ پشتیوانە و بڕیاری ئێران لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. لەمەش زیاتر کاتێک گروپێکی چەکداری وەک سەرایا ئەولیاء بتوانێ بەنێو هەموو بازگەو پێگە ئەمنیەکانی حکومەتی عێراقدا تێپەڕبێت و لەنزیکەوە موشەکبارانی هەولێر بکات، ئێتر دەبێ کازمی لەوە تێبگات دەسەڵاتی سێبەر لەعێراقدا ئێرانە و تەجاوزکردنی کارێکی مەحاڵە. تا ئەو جێگەشی بەحکومەتی هەرێم و پارتی دەگەڕێتەوە، ئێران دەیەوێت لەپشتی موشەکبارانەکانی هەولێرەوە ئەو پەیامە بەپارتی و حکومەتەکەی بدات کە"ئێوە لەژێر ڕەحمەتی هێزەکانی ئێمەدان، ئاگاداربن ولەوە زیاتر بەرەو لای تورکیاو ئەمریکا هەڵنەخزێن، ئەگینا چارەنوستان دەکەوێتە مەترسیەوە"...

بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە بەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەم موشەکبارانە واوەتر لەدانی پەیامێکی خوێناوی دەڕوا. واتە بەتەنها کردەوەیەکی سەربازی نابێت کە بەهۆیەوە نائارامی وکوشتارو ماڵوێرانی بەسەر هاوڵاتیاندا داسەپێنێت، بەڵکو لەوجودی قەیرانێکی سیاسی وفەزای بێزاری و تورەیی ناڕەزایەتی جەماوەری ئێستادا، لەدۆخێکدا کە مەسەلەی وەلانانی دەسەڵات بۆتە خواستێکی جەماوەری



## دەشتی جەمال لەبارەی:

# کەمپینی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری دادگای هەولێر!

**ئۆکتۆبەر: هاوڕێ دەشتی هەروەک ئاشکرایە ماوەیەک لەمەوبەر ڕێکخراوی دەرەوە لەچوارچێوەی کەمپینێکدا بۆ بەرگری لەو کۆمەڵە خەڵکەی لە خۆپیشاندانەکانی بادیناندا دەستگیرکرابوون، چالاکی جۆراوجۆری ئەنجام دا. بەڵام سەرەنجام بەشێک لەو گیراوانە لە زینداندا هێڵراونەتەوەو چەند ڕۆژ لەمەوبەریش (٥) کەسیان بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ نانەوەی ئاژاوەو روخانی حکومەت بە ( ٦) ساڵ زیندانی حوکم دران. سەبارەت بەم دادگاییکردنە چ هەنگاوێکتان لەبەرنامەی خۆتاندا داناوە؟ چۆن دەکرێ لەرێگای فشاری دەرەوەی وولاتیش ئەم بڕیارەی دادگا هەڵوەشێنرێتەوە؟**

**دەشتی جەمال:** هەڵسوڕانی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەمیشە بەشێکی گرێدراوبووە لە خەباتی سیاسی و چینایەتی خەڵکی کوردستان دژ بە سەرکوت، تیرۆرو بیمافی و بێکاری و برسێتی و نەبوونی خزمەتگوزاری کە لەلایەن دەسەڵاتی تاڵانگەری ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالسیتی کوردەوە بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و دەستەنگی کوردستاندا داسەپاوە. لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری سزای سیاسی دادگای هەولێر بەسەر پۆلێک لە ڕۆژنامەنوس و هەڵسوڕاوای سیاسی بادیناندا بە شەش ساڵ زیندانی، ئێمە نامەیەکەمان لە هەریەک لە وڵاتەکانی بەریتانیا، کەنەدا، سوید، نەرویج، فنلاند، سویسرا، ئوستراليا وە ئەڵمانیا... ئاراستەی ڕێکخراوەکانی لێبوردنی نێودەوڵەتی، چاودێری مافەکانی مرۆڤ، یەکێتیە کرێکاریەکان و ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیست و لیژنەکانی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی بەریتانیاو ئەوروپا و چەندین پەرلەمانتاری ئەوروپا کرد، ئەمەش بۆئەوەی هەم ئەم لایەنانە لەدۆخی دادگاو زیندانی و سزادانی هەڵسوراوانی سیاسی ئاگاداربکەینەوە. هەم ئەوان لەڕێگای ناردنی نامەی نارەزایەتیەکانیانەوە بۆسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی فشارەکان توندبکەنەوە تا دەستبەجێ بڕیاری سزادانی ئەو هەڵسوڕاوانە هەڵبوشێنێتەوەو ئازادیان بکەن و ئازادی

⇦

پاشماوەی .. موشەکبارانی هەولێر ⇨

فراوان، ئەم جۆرە کردەوانە، زەربەیەک دەبێت لەخەباتی جەماوەری و ئاستەنگێک لەبەردەمیدا پێکدێنێ. لەیەک وتەدا موشەکبارانی هەولێر وەک ئەوەی کە کوشتارو تێکدانی ژیان و ئەمنیەتی خەڵکی کرێکاراو زەحمەتکێشی کوردستان لەنێوەڕاستی کێشمەکێشی چەندین لایەنی کۆنەپەرستو دژە ئینسانیدا دادەنێ، دەبێ لەلایەن خەڵکی نارازیەوە بەجدی بگیرێ و لەبەرامبەریدا ڕابوەستنەوە.

لەبارەی هەڵویست وکاردانەوەی خەڵکی کوردستانیشەوە، سەرەتا دەبێ کرێکاران و زەحمەتکێشان بەتەواوی تواناوە بۆ دیفاع لە سەلامەتی گیانی و ئارامی کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی بەڵای شەڕ لەسەر سەری خۆیان بێنەمەیدانەوە و خەبات بۆ دەستکۆتاکردنی ئەوانەی ئارامی ژیانیان تێکدەدەن بەئەڵقەیەکی تەواکەری خەبات بۆ باشکردنی ژیان و گۆرانکاری لەسیستەمی ئێستادا بزانن. دەبێ خواستی "چوونە دەرەوەی سوپاو دەزگای ئەمنی و سەربازی هەمو وڵاتان لەکوردستان و داخستنی بنکەوبارەگاکانیان" ببێتە یەکێک لەخواستە سەرەکیەکانی خەباتی جەماوەری بۆ بەدەستهێنانی سەلامەتی و باشبژێوی. لێرەشەوە دەبێ دەسەڵاتداران بەرپرسیار بکرێن لەپاراستنی سەلامەتی گیانی و ماڵی هاوڵاتیانی کوردستان و هەموو ئەو سیاسەت و کارە دیبلۆماسیە نهێنیانە لەقاوبدرێت کە ئەحزابی حاکم لەگەڵ دەوڵەتان و دەستەوتاقمی چەکدار دەیبەستن و ڕێگایان پێنەدرێت کە بۆبەرژەوەندی خۆیان کۆمەڵگای کوردستان ڕاپێچی شەڕو کێشمەکێشی نێوان دەوڵەتان و هێزە کۆنەپەرستەکان بکەن. بێگومان تێپەرکردنی ئەم دۆخەی ئێستا و دوورخستنەوەی نائارامی و خەتەریی کردەوە سەربازیەکان لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان، بەپلەی یەکەم بەکۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئێستاو جێگرتنەوەی بە حکومەت و دەسەڵاتێک دەبێت کە لەلایەن نوێنەرانی ڕاستەوخۆی جەماوەری ڕێکخراو لەشوراکان و ئەنجومەنەکاوە دامەزرابێت.

★

## پاشماوەی .. دەشتی جەمال.. کەمپینی ڕێکخراوی دەرەوە..

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و ئازادی سیاسی بەڕەسمی بناسێنن. لەدرێژەی ئەم هەنگاوەدا، خۆپیشاندانی ناڕەزایەتیمان بردە سەنتەری شاری هێلسنکی.

وەک کاردانەوەیەکی سەرەتایش لەم هەنگاوەمان ڕێکخراوی ئازادی کرێکاران و نۆسویت لەبەریتانیا وە ٩یەکیتی کرێکاریی عێراق لە بەغدا و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست و دەفتەری کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست خەتی ڕەسمی پشتیوانیان لە کەمپەینی ئێمە دەربریوەو نامەی ناڕەزایەتیان ناردوە بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا.

هەر لە درێژەی کەمپەینی داکۆکی لە ئازادیدا نامەیەکمان بەدژی سزای زیندانیکردنی ڕۆژنامەنوسان و هەڵسوڕاوانی سیاسی ناردوەو بەدەیان کەسایەتی سیاسی و حزب و ڕێکخراو لەوانە (نعۆم چۆمسکی، جێرمی کۆربن، جان مکدونالد، ڕابەرانی یەکیتی کرێکاریی لە یەکیتی سەراسەری بەریتانیا و فنلاند، سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و ڕێکخراوی جیهانی پێنوسەکان.. ئەو ولاتانەی ناومان هێنان تا پشتیوانمان بن لەو داواکاریانە کەلە نامەکەدا ئاماژەمانداوە کە لەژێرسایەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانیدا قەدەغەی هەرجۆرە خۆپیشاندان و گردبونەوەیەکی جەماوەری کردوەو کەوتۆتە پەلاماردانی ڕۆژنامەنوسان و گرتنی هەڵسوڕاوان وە لەئەنجامدا دەیانکەسی بێسەروشوین کردوە، لیستی دەستگیرکراوەکانمان پێداون وە جگە لەوەی ئاماژەمانداوە بەوەی کە لە خۆپیشاندانەکان و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستاندا بۆ خواستی موچەو بژیوی ژیان، هێزە ئەمنیەکانی یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان خۆپیشاندەرانیان کوشتوەو بەدەیان کەسیش لەناوچەکانی هەردوو حزبی دەسەلاتداردا زیندانیکراون.

هەروەها داوامانکردوە هەڵویست بنوێنن و بەرامبەر بە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم و ناڕەزایەتی دەربڕن و داوابکەن ( بڕیاری دادگای هەولێر هەڵبوەشێننەوەو و سەرجەم گیراوەکان ئازاد بکرێن. وە حکومەتی هەرێم ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی، خۆپیشاندان و کۆبونەوە .. بەڕەسمی بناسێت و هیچ کەس لەسەر ئەم مافە دەستگیر نەکاو نەیخاتە بەرگوشارەوە). وە دیارە ئێمە پێشتریش هەر لەسەر ئەو دەستگیرکراوانەی هەولێرو بادینان ئەندام پەرلەمان و کەسایەتی ناسراو وەسکرتێری پێشوتری لیبەر پارتی بەریتانیا و سکرتێری گەورەترین سەندیکای کرێکاریی خزمەتگوزاری بەریتانیا وە هێلی پێشەوەی پارتی سۆشیالستی سریلانکاو وپارتی مارکسیست لینینستی ئەڵمانیا و نامەی ناڕەزایەتیان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوە لەسەر ئەوکردەوە سەرکوتگەریانەی بەرامبەر ئازادیخوازان ئەنجامیانداوە، جگە لەزنجیرەیەک خۆپیشاندان کە لە دوومانگی ڕابردودا لەلایەن ڕێکخستنەکانی حزبمان لە بەریتانیا و سویسرا و ئوسترالیاو فنلاند و بەشداری هەڵسوڕاوانی حزبمان لە خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی ئازادیخوازان لە ئەڵمانیاو چەند ولاتێکی تر بەرێوەچوو تا بتوانین دەنگی ئازادیخوازان بگەیەنیین و پشتیوانی ناوەندی جیهانی ڕابکێشین و ڕێگریەکانی بەردەم ناڕەزایەتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان هەڵگرین.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان.. بێگومان هاتنەمەیدان و ناڕەزایەتی جەماوەری فراوان لەناوخۆی کوردستان فاکتۆرێکی بڕیاردەرە هەم بۆ ملکەچپێکردنی دەسەلات بەخواستەکانی خەڵک و هەم بۆ شکستپێدانی هەرسیاسەت و بڕیارێک کەلەدژی ئازادی و باشبژێوی هاولاتیان دەستی بۆبردووە، بەلام دەرەوەی ولاتیش مەیدانێکی گرنگی ئەم خەباتەیە، بەتایبەت بۆ هێزێکی وەک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کە بەهەموو تواناى خۆیەوە لەپشتی خەباتو ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کرێکاررو زەحمەتکێشدا ڕاوەستاوە، لەم پەیوەندەدا پەردەهەڵماڵین لە سەر سیاسەت و کارنامەی ڕەشی دەسەلات و ڕەوشی ئازادیەکان لەدەرەوەی ولات و لە ئاستی ڕای گشتی دەوڵەتاندا مەسەلەیەکی گرنگەو دەتوانێت لەپاڵ خەباتی ناوخۆی کوردستاندا ببێتە فاکتۆرێکی کاریگەر بەسەر دەسەلاتدارانی هەرێمەوە. بەتایبەتی کە دەوڵەتانی ئەوروپاو ئەمریکا مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بۆیان یەکێک لەو بابەتانەیە کە لەپەیوەندیە دیبلۆماسی و ڕێکەوتنەکانی نێوان دەسەلاتەکاندا بەحسابی دەهێنن، هەربۆیە ئەگەر ئێمە بتوانین ڕای گشتی دەرەوەی ولات، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکان، ئەندام پەرلەمانەکان و حزبە سیاسیەکان و ناوەندە جیهانیەکان قەناعەت پێبکەین لەسەر ڕەوشی ئازادی لەهەرێمی کوردستان و ڕاستیەکانی دەسەلاتداران و ڕاستی سەرکوتگەریان بخەینەڕوو ئەوا دۆخێکی باش بۆ تەریکەوتنەوەو ئیحراجکردنی حکومەتی هەرێم برەخسێنین و ئەمەش ناچاری بکات بەوەی کە لەسیاسەتە سەرکوتگەریەکانی دەست هەڵبگرێت یان لایەنی کەم خۆپاریزی لەسەرکوتو دەستدرێژی بۆسەر ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان بکات...

★

**ئۆکتۆبەر**

**بخوێننەوەو بەدەستی دوستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

درێژەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود سەبارەت بە:

## دادگای هەولێر وسزای زیندانی بەسەر هەڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسدا

کەسوکاریان، و پاشان ڕێگەنەدان بە کەسوکاریان تا سەردانیان بکەن، تاوانێکی ناڕەواو نایاساییە. هەروەها هێشتنەوەیان لە زیندان بۆ ماوەی شەش مانگ، بێئەوەی دادگایی بکرێن تاوانیکی تر و کردەوەیەکی نایاسایی ترە. ئەو قسانەی سەرۆکی حکومەت یان لە ڕاستیدا ئەو تۆمەتە قورسانە بەر لەوەی گیراوەکان دادگایی کرابن، تاوانێکی گەورەیەو ئەگەر دادگایەک ببوایە دەبوو سەرۆکی حکومەت ڕوبەڕووی دادگا بکرێتەوە لەسەریان!

ئەوە کە سەرۆکی حکومەت بەر لەدادگایی کردنەکە تۆمەتی تێکدەر، جاسوسیکردن، نۆکەرایەتی دایە پاڵ گیراوەکان، پێشداوەری و وروژاندنێکی ئاشکراو لیخنکردنی هەلومەرجی دادگاییکردنەکەیە بەر لە دادگایی و هەڵخراندنی ڕای گشتی و گوشارخستنە سەر دادگا، دەخاتەڕوو. وە تۆمەت بەخشینەوەیەکی ئاوا، پووچی یاساو دادگای لە زمانی سەرۆکی حکومەتەوە خستەڕوو.

لەوانەش واوەتر ئەو تۆمەتانەی سەرۆکی حکومەت درۆی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی خستەڕوو، لەوانەش دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی ڕاپەراندن و جێبەجێکردن، وە نیشانیدا کە دادگا لە ژێرسایەی ئەم دەسەڵاتەدا، ناسەربەخۆ و تەواو گوێ لەمست و ئامرازی دەستی دەسەڵاتە بۆ سەرکوت و تۆقاندن و بێدەنگەکردنی دەنگە ناڕازی و ڕەخنەگرەکان...

**ئۆکتۆبەر: دادگاییکردنی ئەو (٥) کەسە شەپۆلێکی ناڕەزایەتی بەدوای خۆیدا هێنا. زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دژی بوون. لەئاستی جەماوەریدا سەرکۆنەی ئەو بڕیارەی دادگا کرا تا کار بەوە گەیشت نێچیروان بارزانی بڵێ ئەوە حوکمی کۆتایی نییەو مەسرور بارزانیش بڵێ با سەربەخۆیی دادگا بپارێزرێت و کەس دەخالەتی تێدا نەکات. بەڕای ئێوە تاچ ڕادەیەک فشاری جەماوەری دەوری هەبوو لەسەر ئەم هەڵوێستانەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** ناڕەوایی گرتنەکان، هەوڵدان بۆ هەڵخراندنی پێشوەختەی ڕای گشتی و تۆمەت بەخشینەوەی بەر لەدادگایی لە زمانی سەرۆکەوە، ڕاگرتنی زیندانیەکان بۆ ماوەی شەش مانگ بێ لێپرسینەوە، دەستگیرکردنیان لە جەرگەی ناڕەزایەتی جەماوەریدا بەدژی نەبوونی مووچە و ناعەدالەتی... پاشانیش بڕیاری قورسی دادگا لەسەر ئەوەی گروپ چاتیان هەبووە بۆ گۆڕینەوەی زانیاری ڕۆژنامەنووسی... وە کارنامەی پێشوتری دەسەڵات و دادگاکانی و سیناریۆ لە پێشدا ئامادەکراو پاکەتیەکانیان... هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی بلۆکی ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستان زوو بێنە دەنگ و ناڕەزایەتی جەماوەری بەدوای خۆیدا بهێنێت. ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتی دەربڕین لەسەر ئاستی جەماوەری بە وەرێخستنی کۆبونەوەی ناڕەزایەتی و وەڵامی میدیایی فراوان و لەسەر ئاستی فەرمیشدا ناچاربوونی ناوەندە فەرمیەکان و ڕێکخراو گروپە ئینساندۆست و مرۆڤ دۆستەکان و ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئاستی فەرمی بەشێکی زۆر لە وڵاتەکان بۆ ئیدانەی بڕیاری دادگا، کاریگەری و گوشارێکی فراونیان لەسەر دەسەڵات و دادگا دروستکرد. لیدوانی نیچیر بارزانی و پاشان ریزێک لە بەرپرسە حزبی و حکومیەکان بۆ ڕیزگرتن لە دادگا و سەربەخۆیی دادگاکان، تا ئەوەی کە ئەمە دوا بڕیار نییە، لە ژێر ئەو گوشارە جەماوەی و فەرمیەدا بوو، لایەنێکی تریشی بۆ خامۆشکردنەوەی تورەیی شەقام و هەوڵدانە بۆ گێرانەوە شکۆ بۆ دادگا پوچەکانیان.

**ئۆکتۆبەر: ئایا پێتانوایە ئەو کاردانەوە جەماوەری و سیاسیەی دژ بەو بڕیارەی دادگا نیشان دراوە دەتوانێ بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە؟ ئەگەر بڕیارەکە**



### لە نامیلکەی "دیموکراسی، تەعابیر و واقعیاتەکان" ooo

# مەنسوری حیکمەت سەبارەت بە دیموکراسی!

**بڵاوکراوەی ئینتەرناسیۆنال لە مەنسوری حکمەت دەپرسێ : تێگەیشتن و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر دیموکراسی هەیە، لە ڕوانگەی ئێوەوە دیموکراسی چییە؟**

**مەنسوور حیکمەت بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە:**

پێموانییە مەبەستتان ئەوە بێت کە من لێکدانەوەیەک لەسەر دیموکراسی "واقیعی" و "ڕەسەن" بەدەستەوە بدەم. دیموکراسی لە سیستەمی فیکری مندا وەک کەسێکی سۆسیالیست و مارکسیست، دەستەواژەیەکی بناغەیی نییە. ئێمە قسە لە ئازادی دەکەین. بۆ ئێمە ئەمە دەستەواژەیەکی بنەڕەتییە، وەلێ دیموکراسی، هەر وەک پێشووتریش باسم کردووە، لێکدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت و تێگەیشتنێکی مێژوویی دیاریکراوە لە چەمکی فراوانتری ئازادی. دیموکراسی دەستەواژەیەکە کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووییدا لە ڕێگای ئەم دیموکراسییەوە چەمکی فراوانتری ئازادی لەقاڵب داوە. کەواتە تێگەیشتنی من لە دیموکراسی تەنها دەتوانێ تێگەیشتنێکی بابەتی و مێژوویی بێت. کەسێکی لیبراڵ یان دیموکرات، کەسێک کە دیموکراسی یەکێکە لە ئاوات و ئامانجەکانی، دەتوانێ لێکدانەوەیەکی "داخیلی" و زاتی لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بە دەستەوە بدات، دەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە دیموکراسی واقیعی چییە و چی نییە. بەڵام بە ڕای من کەسێکی مارکسیست دەبێ مانای مێژوویی و پراکتیکی دیموکراسی و کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی باس بکات. دیموکراسی، نەک وەکوو زاراوەیەک لەم یان لەو کتێبی کۆندا، بەڵکە وەکوو ڕاستییەک کە خەڵکی کۆمەڵگای هاوچەرخ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەوە، بەرئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە. دیموکراسی تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ مەسەلەی ئازادی. بە هیچ جۆرێک مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها یەک جۆرە تێگەیشتن لە دیموکراسی هەیە و لەڕووی مێژووییەوە تەنها بۆرژوازی خوازیاری دیموکراسی بووە، وە یان لێکی داوەتەوە. بە پێچەوانەوە، بە تایبەت بە درێژایی ژیانی دوو نەوەی ڕابردوو، دیموکراسی لە زۆر حاڵەتدا خواستی چین و توێژە ژێردەستەکان بووە و لە لایەن بیریاران و بزاڤەکانی ئەم چین و توێژانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و ڕوون کراوەتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە دەرناخات کە ئەم چەمکە بۆرژوایی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە

⇦

⇨ پاشماوەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

**هەڵوەشایەوە چ کاردانەوەیەکی ئەرێنی دەبێ لەسەر پرسی ئازادی سیاسی لە کوردستان؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** لەگەڵ ئەوەدا دەسەڵات بەگشتی و پارتی و دادگا و دەسەڵاتی دادوەری بەتایبەتی کەوتوونەتە ژێر گوشارەوە، لێدوانەکانیان ئەوە نیشان دەدات، کە ئاڵوگۆڕێک لە بڕیاری دادگا و سزاکەدا پێکبێت و سزاکە سوک بکەن، بەڵام نابێ بیرمان بچێت، ئەو لێدوانانە بەشێکی بۆ خاوکردنەوەو پاشەکشە پێکردن بە نارەزایەتی جەماوەرییە و هێشتا دەسەڵات و دادگا هیچ بڕیارێکیان نەداوە. وەکو دەوترێت لەوانەیە سیناریۆی دانپیانانی گیراوەکان، کە بێگومان لەژێر گوشار و هەڕەشەدا، ڕێکخراون، بڵاوبکەنەوە. بەمەش دەیانەوێت کەسایەتی ئەم گیراوانە بشکێنن و لەو ڕێگایەشەوە، دەنگە ناڕازییەکانی کۆمەڵگە بترسێنن. بۆیە ئەگەر ئەم شەپۆلی نارەزایەتی و تورەییە خاوببێتەوە کاریگەری سەلبی دەبێت. زامنی ئەوەی کە دادگا ناچاربێت بڕیارەکە بەتەواوەتی هەڵبوەشێنیتەوە و تەواوی زیندانیەکان ئازاد بکات، لە گرەوی بەردەوامی دان بەنارەزایەتیەکان و بەرینکردنەوەیدایە... دیارە ئازادکردنی گیراوەکان لە ژێر گوشاری جەماوەری نارازی و بلۆکی بەرگریی لە ئازادی و ئازادییەکان، بە سودی بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە تەواو دەبێت و کاریگەری زۆریشی لەسەر پرسی دادگا و ئازادیەکان لە داهاتوودا، دەبێت.

☆

## درێژەی .. مەنسوری حیکمەت سەبارەت بە دیموکراسی!

دەسەڵاتدارێتی ئایدیۆلۆژی و ترمینۆلۆژیی بۆرژوایی بەسەر خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا نیشان دەدات. کۆمەڵگای بۆرژوایی توانیویەتی چەمکی دیموکراسی بخاتە جێگای ئازادی و ئازادیخوازی و بەم جۆرە سنووری کۆتایی هێرشی ئازادیخوازانەی چینە ژێردەستەکان و شێوەی کۆتایی سەرکەوتنی ئەوان لە پێشدا دیاری بکات. ئێوە بۆ ئازادی دەجەنگن و دوای "سەرکەوتن" پەرلەمان و "پلۆرالیزم" بەدەست دێنن.

بوونی تێڕوانینی جیاجیا بۆ دیموکراسی، تەنانەت تێڕوانینی چینایەتی جیاجیا، ئەم چەمکەی کردۆتە یەکێک لە ئاڵۆزترین و ناڕۆشنترین چەمکەکان لە فەرهەنگی زاراوە سیاسییەکاندا. بزووتنەوە و سیاسەتمەدارە جیاجیاکان، بە ئامانج و بەرژەوەندیی جیاواز و جاروبار دژ بەیەکیشەوە قسەیان لە دیموکراسی کردووە و دەکەن و بێگومان مەبەستیشیان یەک شت نییە. هەلومەرجی سیاسیی جیاجیا لە لایەن ڕەوتە جیاجیاکانەوە بە دیموکراسی ناوبراوە. هەر لە دەربڕینە دژی کۆمۆنیستی و جەنگی ساردییەکانەوە، تا دەگات بە لێکدانەوە مرۆڤدۆستانە و حەقخوازانەکان، وجوودیان بووە و هەیە. لە پشتی ئەم هەموو لێکدانەوانەوە دەکرێ ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتیی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی کە ئەو بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆ نموونە لە سۆسیالیزم و ئازادیخوازی سۆسیالیستی جیا دەکاتەوە، بناسین و پێناسە بکەین. بەڵام لە مەیدانی سیاسیدا خودی چەمکی دیموکراسی، هەر بەم شێوە گشتییەی، شتێکی ئەوتۆ ڕوون ناکاتەوە و هیچ کۆمەکێک بە جیاکردنەوەی بزووتنەوە و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. لەبەر ئەوە پاش ئەوەی ئەو سیفەت و پاشگر و پێشگرانەی کە دەخرێنە پاڵ دیموکراسی، ئینجاکە ئەم وشەیە مانایەکی ڕۆشنتر پەیدا ئەکات. وەک دیموکراسی لیبراڵی، دیموکراسی خەڵک، دیموکراسی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی (representative)، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی ڕۆژئاوا و شتی تر. ئەم زاراوانە لەڕووی سیاسییەوە بە تەواوی زانراوە و دەکرێ پێناسە بکرێن و جیاوازییەکانیان و لە زۆر حاڵەتدا دژایەتییەکانیان ڕوون بکرێنەوە. هەروەها ئەو بزووتنەوە و هێزانەش کە لایەنگری هەر یەکێک لەمانەن دەکرێ دیاری بکرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە تەواوی دەکرێ لێک جیابکرێنەوە.

☆

# ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریە!

نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریێ کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە:

www.hkkurdistan.org


## ئۆکتۆبەر

### ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنووسەر : موحسن کەریم

00964(0)770 047 5533

muhsin_km@yahoo.com


**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:

**عوسمانی حاجی مارف**

mob: 00964(0)7701570050

Email; osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:

**موحسین کەریم**

Mob:00964(0)7700475533

Email:muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات؛

**دەشتی جەمال؛**

Mob:0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

**نوری بەشیر؛**

Mob:0044(0)747604121

Email; nooribashir1@yahoo.com


**ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەسەڵاتی بەعسی لە کوردستان ڕاماڵی، بەڵام ئێستا جەماوەری کوردستان دەبێ بە ڕاپەڕینێکی دیکە ئەو دەسەڵاتە ڕابماڵێت کە بەهۆی وەهمی جەماوەرو وەکو ئاکامی ڕاپەڕین دەسەلاتیان گرتەدەست و ٣٠ ساڵە نان و ژیان و گوزەران و ئازادیەکانی خەڵکیان بە بارمتە گرتوە.**

**دابینکردنی ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەخۆرایی، ئەرکی حکومەتە !**